# کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی هاتن بۆ مەککە، موشریکەکان ووتیان: کەسانێکن دێن بۆ لاتان کە تا وتینی یەسریب لاوازیانی کردووە، بۆیە فەرمانی پێکردن: بە (سووکە ڕاکردن) لە سێ تەوافدا، ولە نێوان گۆشەکان ڕێ بکەن

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «کاتێک پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵانی هاتن بۆ مەککە، موشریکەکان ووتیان: کەسانێکن دێن بۆ لاتان کە تا وتینی یەسریب -مەدینە- لاوازیانی کردووە، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن: بە (سووکە ڕاکردن) لە سێ تەوافدا، ولە نێوان گۆشەکان (ڕوکنەکان) ڕێ بکەن، تەنها ئەوە ڕێگر بوو لەوەی کە فەرمانیان پێبکات بە (سووکە ڕاکردن) لە هەموو تەوافەکاندا بریتی بوو لە ڕەحمەت ونەرم ونیانی بەرامبەریان».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەساڵی شەشی کۆچی بۆ عومرە کردن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵان هات بۆ مەککە، کافرەکانی قورەیش دەرچوون بۆ جەنگ کردن دژی وڕێگری لێکردنی، بەڵام لە نێوانیاندا پەیماننامەیەک بەسترا، کە تێیدا هاتبوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵان لەم ساڵەدا دەگەڕێنەوە (عومرە ناکەن) بەڵام ساڵی داهاتوو دێن بۆ عومرە کردن وسێ ڕۆژ لە مەککە دەمێننەوە، بۆیە لە ساڵی حەوتی کۆچیدا هاتن بۆ جێبەجێکردنی عومرە. موشریکەکان -وەکو ڕق دەبڕینێک- ووتیان: کەسانێک دێن بۆ ئێرە کە تینی گەرمی یەسریب لاوازیانی کردووە. کاتێک ئەم قسەیان گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ویستی قسەکەیان ڕەت بکاتەوە بۆیە فەرمانی بە هاوەڵان کرد کە بە خێرا ڕێ بکەن (سووکە ڕاکردن ئەنجامبدەن) مەگەر لە نێوان گۆشەی یەمانی وگۆشەی بەردە ڕەشەکە نەبێت کە لەو دوو شوێنەدا بە ئاسایی ڕێبکەن، ئەمیش بۆ دەربڕینی ڕەحمەت وبەزەییەک بەرامبەریان، چونکە کاتێک لە نێوان دوو گۆشەکە (ڕوکنەکە) دەبن موشریکەکان نایان بینن، کە چووبوونە سەر شاخی (قوعەیقیعان) بۆ ئەوەی سەیری مسوڵمانان بکەن لە کاتی تەواف کردنیان وئەمیش ئەوانی تووڕە کرد هەتاوەکو ووتیان: ئەو مسوڵمانانە وەکو ئاسک وان، بۆیە ئەم (سووکە ڕاکردنە) بوو بە سونەت بۆ هەرکەسێک بێت بۆ مەککە بۆ تەواف کردن، ئەمیش بۆ بیرهێنانەوەی ئەوەی بەسەر پێشینی ئێمەدا ڕوویداوە، وبۆ شوێنکەتنیان وچاولێکردن لە ئارامگرتنیان لەسەر خزمەتی ئیسلام وئەو کردەوە مەزنانەی ئەنجامیان داوە بۆ سەرخستنی ئیسلام وبەرزکردنەوەی وشەی خودا، وخوای گەورە هیدایەتمان بدات بۆ شوێنکەوتنی ڕێبازی ئەوان. وڕێکردنی ئاسایی لە نێوان هەردوو گۆشەکە و ئەنجام نەدانی (سووکە ڕاکردن) حوکمەکەی هەڵوەشێندراوەتەوە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجیماڵئاواییدا (سوکە ڕاکردن)ی ئەنجامدا لە تەواف کردنێکی کامڵدا، هەروەکو لەم گێڕانەوەیەدا هاتووە: «أن رسول الله -صلى الله عليه وسلم- رمل من الحجر إلى الحجر ثلاثًا، ومشى أربعًا» [رواه مسلم] واتە: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- (سوکە ڕاکردن)ی ئەنجامدا لە بەردەکەوە (مەبەست بەردە ڕەشەکە) هەتاوەکو دیسانەوە گەڕایەوە بۆ لای بەردەکە سێ جار (لە سێ تەواف دا)، وچوار تەواف ڕێی کرد (ڕێکردنی ئاسایی ئەنجامدا)».